**دەسپێك:**

زاراوەی جێندەر ماوەیەکە خەڵکی هەرێمی کوردستانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە بەتایبەتی لەم دواییەدا کە یەکێتی ئەووپا بڕی یەك ملوێن دۆلاری بۆ سەنتەری جێندەری زانکۆی ئەمریکی تەرخان کردوە بەمەبەستی برەودان بە بیری جێندەری و بڵاوکردنەوەی بەناو خەڵکدا وشۆڕکردنەوەی بەناو نێوەندەکانی خوێندندا، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم زاراوەیە تا ئێستا چەمکەکانی لای خەڵك ڕوون نییە و بانگەشەکارانیشی ڕووی ڕاست خۆیان و پرۆژەکەیان بۆ خەڵکی دەرناخەن و لە ژێر ناوی خوازراو و دروشمی بریقەداردا وێنای دەکەن و دەیانەوێت بەو شێوەیە خەڵکی لەخشتە ببەن و ژەهری بیر و بەرنامەکانیان بەلاشەی کۆمەڵگەدا بڵاو بکەنەوە.

ئێستا بۆ بڵاو کردنەوەی ئەم بیرۆکەیە لەهەموو زانکۆیەکی هەرێمی کوردستاندا سەنتەرێکی تایبەت هەیە بەناوی سەنتەری یەکسانی جێندەری و کار لەسەر بڵاوکردنەوەی بیرکەی جێندەری ولێکەوتەکانی دەکات. بۆیە من لێرەدا بە پێویستم زانی قسە لەسەر واتای ڕاستەقینەی زاراوەی جێندەر بکەین تا خەڵکی بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەن و وەك خۆی چۆنە ئاوها بیناسن و تێی بگەن نەك وەك ئەوەی بەکاربەرانی وێنای دەکەن و بەرگی ڕۆشنبیری و مافسازی بەبەردا دەکەن.

**سەرەتاکانی سەرهەڵدانی زاراوەی جێندەر:**

بیرۆکەی یەکسانی جێندەری وەکو هەر بیرۆکەیەکی تری هاوردەکراو پەیوەندی بە ژینگەی ئاینی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و کلتوری ئێمەوە نییە و تەواو بەو هەموو چەمکانەی ئێمە نامۆیە، بیرۆکەکە سەرەتا لە ڕۆژئاواوە سەریهەڵداوە و پاشان هەناردەی وڵاتانی ئێمە کراوە، هۆکاری سەهەڵدانی بیرۆکەکە لەسەرەتادا بۆ ئە هەموو نادادی وستەمکارییانە دەگەڕێتەو  کە ئافرەت لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوادا بەدەستییەوە ناڵاندویەتی.

من لێرەدا نامەوێت زۆر دوور بکەویەنەوە و بچینە سەر دۆخی ئافرەت لە شارستانییەتی ئیغریقی و ڕۆمانی و یۆنانییەکان؛ بەڵکو دەمەوێت باسی سەردەمانێکی نزیك بکەین کە لە فەڕەنسا لە ساڵی ١٥٨٦ کۆنگرە کراوە لەسەر ئەوەی کە ئایا ئافرەت مرۆڤە یان نا؟! لە کۆتایی کۆنگرەکەدا گەشتونەتە ئەو بڕیارەی کە بەڵێ ئافرەت مرۆڤە بەڵام بۆ خزمەتی پیاو دروست کراوە .

لە ساڵی ١٨٥٠ لە بەریتانیا ئافرەت وەکو هاوڵاتی سەیرنەکراوە وە پیاوی بەریتانی بۆی هەبووە خێزانەکەی بفرۆشێت وە نرخی ئافرەت بە (٦ بێنز ) دیاری کراوە.

لە ئەڵمانیا تا ساڵی ١٩٥٧ ئافرەت بۆی نەبووە خاوەنداریەتی هیچ شتێك بکات، واتا ئافرەت هیچ شتێکی تایبەت بەخۆی نەبووە.

پەڕەی فەرمی پرۆفیسۆر خالید موحەممەد صالح

لەم کۆمەڵگانەدا و لەناو هەناوی ئەم هەموو ستەم و نادادیەدا بیرۆکەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت سەری هەڵدا و سەرەتا هەڵسوڕاوانی ئەم بوارە بەداکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و لابردنی ئەو هەموو نادادی و ستەمکارییەی لەو کۆمەڵگایانەدا هەیە دەستاین پێکرد، دواتر سەقفی پەیوەندییەکانیان بەرز کردەوە بۆ داواکاری یەکسانی لەگەڵ پیاوان، دواتر سەقفی داواکارییەکانیان بەرزتر کردەوە بۆ سوڕانەوە بەدەوری مێینەدا وبەچەق گرتنی ڕەگەزی مێ لەگشت ئەرك و مافەکاندا و چەسپاندنی ئەو مافانە لەگشت یاسا و ڕێسا بەرکارەکاندا ئەمەیش بزوتنەوەی فیمەنیستی مێگەرایەتی لێ کەوتەوە، کە بزوتنەوەیەکی داخ لەدڵ و ڕقنە بەرامبەر بە پیاو و کار لەسەر سڕینەوەی جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو دەکات و هەر ئاین یان کلتور یان یاسایەکیش لەگەڵ بنەماکانی بیری مێگەرایەتی یەك نەکاتەوە کار لەسەر سڕینەوەو و گۆڕینی دەکات.

مەترسی ئەم بزوتنەوە لە ئێستادا لەوەدایە کە گەشتۆتە سەرچاوەکانی بڕیار لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەڕێی ئەو ناوەندە فەرمی و باڵادەستانەوە کار لەسەر سەپاندنی بەرنامە و بیرۆکەکانی دەکات.

ئەم بزوتنەوەیە لە ئێستادا داوای سەپاندنی  بیرۆکەی جێندەر دەکات، کە ئەم زاراوەیە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردووەوە خزێنراوەتە زانستی کۆمەڵناسییەوە و هێدی هێدی زەمینە سازی بۆ کراوە و کاری لەسەر کراوە تا لەم دواییانەدا بووە بە بڕیار لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٤ دا لە ڕێکەوتننامەی قاهیرەدا (٥١) جار وشەی جێندەر بەکار هێنراوە و پاش تەواوبوونی کۆنگرەکە (٢٣) دەوڵەت لە دەوڵەتانی بەشداربوو لە کۆنگرەکە داوایان لە ڕێکخەرانی کۆنگرەکە کردوە کە زانیارییان لەسەر وشەکە و هۆکاری بەکارهێنانی پێبدەن، ئەوانیش خۆیان لە واتا ڕاستەقینەکەی لاداوە و لە نوسخەی عەرەبی ڕێکەوتننامەکەدا بە (ڕەگەز) وەریانگێڕاوە.

پاش ساڵێك لە کۆنگرەی قاهیرە و بەدیاریکراوی لە ساڵی (١٩٩٥) دا کۆنگرەی پەکین دەبەسترێت و ئەم جارە لەبری (٥١) جار (٢٥٤) وشەی جێندەر بەکار دەهێنرێت و ئەمجارەیان وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی زیاتر لە جاری پێشوو لەبەکارهێنانی زاراوەکە دەکەونە گومانەوە و بە جدی داوای ڕوونکردنەوەی واتاکەی دەکەن، ئەمجارەیان ڕێکخەرانی کۆنگرەکە ڕەتیان کردەوە بەواتای (نێر و مێ) پێناسی بکەن و لە نوسخەی عەرەبی ڕێکەوتننامەکەدا جارێك بە (جۆری ڕەگەز) و جارێك بە (هەردوو ڕەگەز) و جارێك بە (جیاوازی ڕەگەزی پێناسەی دەکەن.

پاش چەند ڕۆژێك لە ململانێ لەسەر ڕوونکردنەوەی مەبەستی ڕاستەقینەی دەستەواژەی جێندەر لێژنەیەك پێکهێنرا تا بەدواداچوون بۆ واتای ڕاستەقینەی جێندەر بکات بەڵام لیژنەکە نە گەیشتنە هیچ دەرەنجامێك بۆیە وشەکە بەبێ پێناسە دەمێنێتەوە. (Gender The Non-Definition of the Term).

پاش چوار ساڵ لە کۆنگرەی پەکین ولەساڵی (١٩٩٩) دا کۆنگرەی (التمکین والانصاف للمرأة) لەیەمەن دەبەسترێت کە بەکۆنگرەی ژنان ناسراوە و ئەمجارەیان وشەی جێندەر دەبێتە زمانحاڵی بەشداربووان وسەرەڕای نا ڕوونی واتاکەی لای زۆرێك لەبەشداربووان بەڵام لە زۆر شوێنی ڕێکەتننامەکەدا هەر ئەو وشەیە بەکار دەهێنن.

## پێناسەی وشەی جێندەر:

وشەی جێندەر لەبنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە و لە (Genus) ە وە وەرگیراوە و لە ڕووی زمانەوانییەوە بەواتاکانی: (جۆر، نەژاد، خێزان، جۆری ڕەگەز، ڕەگەز) بەکار دێت.

لە ڕووی زاراوەیشەوە هەڵسوڕاوانی ئەو بوارە بەتایبەتی لەوڵاتە ئیسلامییەکان و بەتایبەتتر لە کوردستان لەبەر ڤێزەونی واتا و لێکەوتەکانی ڕوویان نایە واتای ڕاستەقینەی پڕۆژەکەیان بەخەڵکی بڵێن؛ بۆیە بەردەوام هەوڵ دەدەن کە لەژێر هەندێك ناوی بریقەداری وەك مافی ئافرەت و یەکسانی نێوان ژن وپیاو گوزارشت لە ناوەڕۆکی ژەهراوی پڕۆژەکەیان بکەن، کە ئەمانە دوورن لەڕاستییەوە؛ بۆیە ئەگەر بمانەوێت لە ناوەڕۆك و مەبەستی ڕاستەقینەی پڕۆژەکە و لێکەوتەکانی بگەین ئەو کات پێویستە بگەڕێینەوە سەر پێناسەی ڕێکخراو و ناوەندە زانستی و تەندروستییەکانی ڕۆژئاوا و نەتەوە یەکگرتووەکان تا بزانین ئەوان کە خۆیان خاوەنی زاراوە و پڕۆژەکەن چۆن پێناسەی دەکەن:

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەربارەی پێناسی جێندەر دەڵێت: (جێندەر زاراوەیەکە ئاماژە بەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و ئاکار و سیستەم و سیفاتانە دەکات کە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بە شیاوی دەزانێت بۆ پیاوان و ژنان)[١].

لە یەکێك لەبڵاوکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە لیژنەی هەمیشەیی هاوبەشی نێوان نوێنەرایەتییەکانی (IASC) دەری دەکات، لە پێناسی جێندردا دەڵێت: (زاراوەیەکە ئاماژە بە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دەکات، کە بە درێژایی ژیان بەدەست دێت، هەرچەندە لەهەموو کلتورێکدا ڕەگی داکوتاوە بەڵآم بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری زۆری بەسەردا دێت، چ لە ناو یەك کلتوردا یان لە

١ - پێگەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی: www.who.int/topics/gender/en

نێوان کلتورە جیاوازەکاندا و دەستەواژەی جێندەر ئەو ڕۆڵ و دەسەڵات و نەریتانە دیاری دەکات بۆ هەر یەك لە ڕەگەزی مێ و نێر لە هەر یەك لەو کلتورانەدا)[٢].

نوێنەرایەتی ئۆکسفام کە یەکێکە لە نوێنەرایەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی جێندەر دەڵێت: (مرۆڤەکان بە نێر و مێیی لە دایك دەبن، بەڵام پرۆسەی فێرکردن دواتر دەیانکاتە کچ و کوڕ تا دواتر ببنە ژن و پیاو.... ئەو هەڵسوکەوتانەی کە لەڕێی فێربوونەوە دەستی دەخەن ئەوە ناسنامە و ڕۆڵە جێندەرییەکانیان دیاری دەکات)[٣].

ئینسکلوپیدیای بەریتانیش دەربارەی پێناسەی ناسنامەی جێندەری دەڵێت: (هەستکردنی مرۆڤ بەخۆیەتی بەوەی کە نێرە یان مێ، ناسنامەی جێندەری لە لە دایکبوونەوە جێگیر نابێت، بەڵکو هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان کرۆکەکەی دیاری دەکەن و ئەوەیش بەهۆی کاریگەری نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا منداڵەکە گەشە بکات فراوانتر دەبێت و گۆڕانکاری زیاتری بەسەردا دێت، هەروەها دەکرێت ناسنامەی جێندەری بەشێوەیەکی بنەڕەتی یان لاوەکی گەشە بکات بە گەشەکردنی ئەو شتانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە و دەست دەگرێت بەسەر ناسنامە جێندەرییە بنەڕەتییەکەیدا و لەو ڕێیەوە فێری ڕەوشتی سێکسی سروشتی یان ناسروشتی – سێکسی هاوڕەگەزی- دەبێت و دواتر تا زیاتر بچێتە تەمەنەوە و بەپێی ئەو ڕووداوانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەو ڕەوشتە تێیدا گەشە دەکات)[٤].

ئێستا و بەخوێندنەوەیەکی بابەتیانە بۆ ئەو پێناسە و ڕاڤانەی وشەی جێندەر بۆمان دەردەکەوێت کە واتای ڕاستەقینەی جێندەر بریتییە لە:

١- جێندەر بریتییە لە هەست کردنی مرۆڤ بەخۆی بەوەی کە چ ڕەگەزێکی هەیە، واتە لە سایەی جێندەردا هیچ مرۆڤێك ڕگەزێکی دیاریکراوی نییە و ڕەگەزی هیچ کەس جێگیر نییە؛ بەڵکو ڕەگەزی مرۆڤ ئەوەیە کە خۆی بۆ خۆی دیاری دەکات و هەڵیدەبژێرێت.

٢- ئەو ڕەگەزەی مرۆڤ بۆ خۆی هەدەبژێرێت مەرج نییە هاوتا و تەبا بێت لەگەڵ ڕەگەزە بایۆلۆجییەکەی؛ بەڵکو دەکرێت هاوتای بێت و دەشکرێت تەواو پێچەوانەی بێت، کەواتە لەسایەی جێندەردا دەکرێت کەسەکە هەموو پێکهاتە جەستەییەکەی نێرینە بێت بەڵام ئەو حەز بەرۆڵی مێینە بکات یان بەپێچەوانەوە؛ ئەوەی ئەو بڕیارەیش یەکلا دەکاتەوە حەز و خواستی خۆیەتی نەك سیفاتە جەستەییەکانی.

---

٢ – لیژنەی هەمیشەیی هاوبەشی نێوان نوێنەرایەتییەکانی (IASC) ژنان و کچان، کوڕان و پیاوان، ٢٠٠٨، ص٣.

٣ – سوزان ولیامز و وچەند نووسەرێکی تر، ڕێبەری ئۆکسفام بۆ ڕاهێنان لەسەر جێندەر، ج١، دامەزراوەی ئۆکسفامی بەریتانی، ١٩٩٤، وەرگێڕانی: معین الأمام، بیروت، ١٩٩٩، ص٣٨.

٤ – پێگەی ئینسکوپیدیای بەریتانی: Encyclopedia Britanica

٣- ئەو ڕەگەزەی مرۆڤ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و حەزی لێ دەکات جێگیر نییە و دەکرێت بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەسەردا بێت، واتە مرۆڤ دەکرێت لە ژیانی خۆیدا هەموو جۆرە ڕۆڵە ڕەگەزییەکان تاقی بکاتەوە و ماوەیەك ڕۆڵی مێیینە ببینێت وماوەیەکیش ڕۆڵی نێرینە و ماوەیەکیش ڕۆڵی تێکەڵ و بەو شێوەیە.

٤- سەرجەم ئەو ڕۆڵ و تایبەتمەندییانەی بۆ ژن و پیاو دیاریکراوە و پێی هەڵدەستن لە چوارچێوەی تاکە کەسی و خێزان و کۆمەڵگەدا هەڵقوڵاوی پێکهاتە جەستەیی و سیفاتە بایۆلۆجییەکانیان نییە؛ بەڵکو هەڵقوڵاوی شێوازی پەروەردەی خێزان و کلتوری کۆمەڵگە و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەوە هەیە و هەر یەك لەو ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیانەیش دەکرێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت و پێچەوانە بکرێتەوە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە مەرج نییە ژن مێ بێت و پیاو نێر، یان باوك نێر بێت و دایك مێ؛ بەڵکو دەکرێت هەموو ئەو چەمکانە پێچەوانە بکرێنەوە.

هۆکار و مەبەستی سەرەکی لە دۆزینەوە و بەرکارهێنانی وشەی جێندەر پەیداکردنی جێگرەوەیەك بوو بۆ وشەی جنس (sex) کە بەواتای ڕەگەز دێت وئەگەر بپرسین جیاوازی نێوان جێندەر و جنس چییە، وەڵامەکەیمان لەم چەند خاڵەوە دەست دەکەوێت.

## جیاوازییەکانی نێوان وشەی جنس ڕەگەز (sex) و جێندەر:

١- وشەی ڕەگەز (sex) خەڵکی دابەش دەکات بەسەر دوو ڕەگەزدا کە بریتین لە نێر و مێ و مرۆڤەکان بەو شێوەیە لەدایك دەبن؛ بەڵام جێندەر بریتییە لەو ڕەگەزەی کە مرۆڤ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت نەك پێوەی لەدایك دەبێت.

٢- وشەی ڕەگەز (sex) ئاماژە بەو جیاوازییە بایۆلۆجی و فسیۆلۆجی و دەروونیانەی نێوان ڕگەزی نێر و مێ دەکات، لە ڕووی کرۆمۆسۆمات و هۆرمۆنات و ئەندامە سێکسییە ناوەکی و دەرەکییەکانی هەر یەکەیان و لەسەر ئەو بنەمایەش دابەشیان دەکات، بەڵام وشەی جێندەر ئاماژە بە کلتور و پەروەردە و ئاستی ڕۆشنبیری و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست  بە هەڵسوکەوت و ڕواڵەت و جل و بەرگ و ڕۆڵی تاکەکانەوە دەکات و لەسەر ئەو بنەمایەش دابەشیان دەکات.

٣-  وشەی ڕەگەز (sex) کار لەسەر جێگیرکردن و قوڵکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ و ڕۆڵە کۆمەڵآیەتییەکانیان دەکات لە نموونەی ڕۆڵەکانی هاوسەرێتی و دایکایەتی وباوکایەتی و سەرجەم ڕۆڵەکانی تر و ئەو ڕۆڵانە بە نەگۆڕ و بنەڕەتی ئەژمار دەکات؛  بەڵام وشەی جێندەر کار لەسەر سڕینەوەی ئەو جیاوازیانە دەکات و هۆکاری بوونیان بۆ پەروەردە و ئاین و کلتوری کۆمەڵگە دەگەڕێنێتەوە و وەك بەهایەکی ڕێژەیی سەیریان دەکات و ڕێگە بەگۆڕینیان دەدات.

٤- وشەی ڕەگەز (sex) جیاوازییەکانی نێوان ڕەگەزی نێر و وەك بنەمای تەواوکردنی یەکتر وێنا دەکات و پێویستی هەریەکەیان بەڕەگەزی بەرامبەر دەردەخات و گرنگی بوونی خێزانیان لا خۆشەویست دەکات؛ بەڵام وشەی جێندەر جیاوازییەکانی نێوانیان وەك ئامرازی چەوسانەوە وێنا دەکات و قەوارەی خێزان وەك سەرەکیترین وێستگەی چەوسانەوەی ئافرەت وێنا دەکات و زیاتر وێنەی ئەو خێزانانە لای تاکەکان شیرین دەکات کە لە ژن و ژن یان پیاو وپیاو پێك دێت بە بیانوی ئەوەی کە ئەو جۆرە خێزانانە هەلی هەڵکردن و لێك تێگەیشتنیان زیاتر دەکات.

٥- لە چوارچێوەی وشەی ڕەگەزدا (sex) یەك جۆر خێزان هەیە کە جەمسەرەکانی لە نێر ومێیەك پێك دێت، بەڵام لە چوارچێوەی وشەی جێندەردا چەندین جۆر خێزان هەیە کە لە پەڕتووکی (خێزان و ئاڵینگیرییەکانی داهاتوو) دا ئاماژە بە بوون و شەرعییەتی (١٢) جۆر خێزان دەکات لەوانە: خێزانێك کە لە نێرو مێیەك پێك دێت، یان نێر و نێرێك پێك دێت، یان مێ و مێیەك پێك دێت، یان تەنها مێیەك و کۆمەڵێك منداڵ پێك دێت و بەو شێوەیە، کە ئەمە ڕێگە بۆ دروستکردنی جۆرەها خێزانی قێزەون خۆش دەکات کە لەوانەیە سەر بکێشێت بۆ بوونی خێزانێك کە لە مرۆڤ و ئاژەڵ پێك بێت بەجۆرە جیاوازییەکانیانەوە.

## کێن ئەوانەی پشتیوانی لە بیرۆکەی جێندەر دەکەن:

زۆرن ئەوانەی لە پشت بیرۆکەی جەندەر و برەوپێدانی بیرۆکەکەوەن لەوانە:

١- ئەو ژنە ڕقن و داخ لەدڵانەی کە ئەزموونی هاوسەگیری شکستخواردویان هەیە لەگەڵ پیاوان و تەڵاق دراون یانیش هەر پیاو نەیویستوون و هەروا ماونەتەوە وبەچاوی ڕق و تۆڵەلێکردنەوەوە دەڕواننە پیاوان و لەهەوڵی ئەوەدان سەر لە هەموو ژنانی کۆمەڵگە بشوێوێنن و بەگژ هاوسەرەکانیاندا بکەن و بەدەردی خۆیان بەرن و زۆرێك لەوانە لە ئێستادا لە چوارچێوەی کۆمەڵێك ڕێکخراو و دامەزراوەدا تواناکانیان یەك خستوە و لەهەوڵی بەردەوامی هەڵتەکاندنی خێزاندان.

٢- ئەو دەوڵەت و ڕێکخراوە بیانیانەی کە بەردەوام لە هەوڵی تێکدانی ئاین و کلتور و خێزان و کۆمەڵگەی ئیسلامی و کوردیدان تا بێ دین و بێ بەرنامەیان بکەن و کلتور و ڕۆشنیری خۆیان بەسەر کۆمەڵگەکانماندا زاڵ بکەن، لەوانە ئەمریکا بە ئاشکرا و لەمانگی ڕەمەزاندا ئاڵای هاوڕەگەزخوازانی لە شاری هەولێر هەڵکرد وەك هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ ئەو کەس و ڕێکخراوانەی ئیش لەسەر برەودان بەو دیاردە قێزەونە دەکەن و کاتێکیش دەزگا ئەمنییەکانی شاری سلێمانی هەندێك لەو بەدڕەوشتانەیان دەستگیر کرد، ئەمریکا و هۆڵەندا و سوید و چەندین وڵاتی تر هاتنە سەر هێڵ و سەرکۆنەی ئەو هەوڵەی دەزگا ئەمنییەکانیان کرد و وەك پێشێکاری مافی مرۆڤ ئەو هەوڵانەیان پۆلێن کرد، ئەمە لە کاتێکدا کە هەر ئەو هێزانە چەندین جار تەقەیان

لە خەڵکانی ناڕازی و خۆپیشاندەران کردوە و بە هێز سەرکوتی ناڕەزاییەکانیان کردوە و شەق لە مامۆستا و خوێندکار هەڵدراوە و ڕیشی مامۆستای ئاینی سوتێنراوە بێ ئەوەی ئەو بێ ڕێزانە یەك هەڵوێستیان هەبێت یان نقەیان لێوە بێت، ئەگەر ئەمە کارکردن لەسەر داڕووخانی ئەخلاقی کۆمەڵگە نییە ناوی بنێین چی، ئەوە جگە لەو ملوێن دۆلارەی بەم دواییانە بۆ برەو دان بەو دیاردانە بۆ سەنتەری جێندەری زانکۆی ئەمریکی تەرخان کراوە .

٣- بزوتنەوە فیمەنیستییەکان کە بەردەوام داوای یەکسانی ڕەهای نێوان ژن و پیاو دەکەن و داوای تێپەڕاندنی جیاوازە جەستیی و دەروونی و هۆرمۆنییەکانی نێوانیان دەکەن، کە ئەو جیاوازیانە دەبوونە بەربەست لەبەردەم داواکانیان و پاش دۆزینەوەی بیرۆکەی جێندەر هەلێکی زێڕین بۆ ئەو بزوتنەوانە ڕەخسا و بیرۆکەی جێندەریان بۆ پاڵپشتێکی داواکانیان بەکار هێنا و بەداخەوە ئەمڕۆ ئەو بزوتنەوانە لە ئاستێکی باڵادان و دەستیان گەشتۆتە نێوەندەکانی بڕیار لە سەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئێستا ئەو ڕێکخراوانە بیرۆکەی جێندەر و ئەو نێوەندە فەرمیانە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان و بیرە نامۆکانیان بەکار دەهێنن.

٤- خەڵکانی هاوڕەگەزخواز و ئەو ڕێکخراوانەی پشتیوانیان لێ دەکەن و ئەمانیش ئێستا بیرۆکەی جێندەر وەك پاساوێکی زانستی و یاسایی بۆ حەزە نەخۆشەکانیان بەکار دەهێنن و داوای زاڵبوونی زاراوەی جێندەر دەکەن بەسەر سەرجەم زاراوە سرووشتییەکانی تردا تا لەو ڕێگەیەوە مافی دروستکردنی خێزانیان پێ بدرێت و وەك مرۆڤی ئاسایی و خێزانی یاسایی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

٥- بزوتنەوە چەپگەراکان کە کۆڵیان لە بیردۆزەی دژە جەمسەری و خۆشکردنی ئاگری چینایەتی نەداوە و پاش ئەوەی لە بەردەوامی پێدانی ململانێی نێوان چینی پرۆلیتار و بۆرجواز شکستیان هێنا، ئێستا ئاگری ململانێکەیان گواستۆتەوە نێوانی خێزان و لەبری چینی دەوڵەمەند وهەژار ئێستا ژن و پیاو بەگژ یەکدا دەکەن و ئاگری ململانێی نێوان ئەوان خۆش دەکەن وئەمەیش کاریگەری نەرێنی زۆری لێ کەوتۆتەوە و سەرەتاکانی لەکوردوستان هەست پێ دەکرێت و ئامارەکانی دادگاکان پێمان دەڵێن کە خێزان لە مەترسیدایە و ڕێژەی تەڵاق و توندوتیژی خێزانی و ناپاکی هاوسەرگیری و کێشەکانی خێزان بەردەوام لە زیادبوونە.

٦- خەڵکانێکی نەفس نزم و دەروون نەخۆش کە ئامادەن لە پێناو پارە و ئیمتیازات دەست لەدین و کلتور و ناسنامە و بەها و سەرجەم پیرۆزییەکانی کۆمەڵگەکانی خۆیان هەڵبگرن و هەرچی هەیانە هەراجی بکەن بێ گوێ دانە ئەوەی کە لێکەوتەکانی ئەم بابەتە چۆن و چی دەبێت، ئێستا ئەو کەسانەن کە بوونەتە داری دەستی دوژمن و لەڕێی ئەوانەوە دووژمن ژەهری خۆی دەڕێژێتە جەستەی نەوەکانی داهاتوومان.

**هەنگاوە کردارییەکان بۆ چەسپاندنی بیرۆکەی جێندەر:**

**١- کارکردن لە پێناو چەسپاندنی یەکسانی ڕەها لە نێوان ژن و پیاودا و قەناعەت پێکردنی تاك و کۆمەڵگە بەوەی جیوازییەکانی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە دەستکردی مرۆڤ خۆیەتی و دەتوانرێت لە ڕێی گۆڕینی دەقە ئاینییەکان و سیستەمی پەروەردە و کلتوری کۆمەڵگەوە گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدرێت و ڕۆڵ و ئەرکە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان پێچەوانە بکرێتەوە و دەکرێت پیاو ڕۆڵی ژن ببینێت و بەپێچەوانەوە.**

**٢- هەوڵدان بۆ زیادکردنی ڕێژەی ژنان لەسەرجەم کار و کایەکانی ژیاندا و هەوڵدان بۆ هێنانەدەرەوەی ئافرەت لەماڵ و لەئامێزی خێزان تا بوون و توانای خۆی بسەلمێنێت و دانانی سیستەمی کۆتا بۆ بەشداری پێکردنی ژنان لە پەرلەمان و لە نێو سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکاندا یەکێکن لەو هەوڵانە، کەدەبێت بەزۆر بەشداری بەژن بکرێت وڕێژەیەکی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت ئیتر ئەو ژنانە هەرچی و هەرچۆن بن، گونجاو بن بۆ ئەو پۆست و کارانە یان نا، ئەوە گرنگ نییە، گرنگ بوونیانە بەو ڕێژانەی کە بۆیان دیاریکراوە، کە ئەوە خۆی لەخۆیدا پێچەوانەی بیرۆکەی دیموکراتییە کە ئەوانە شەو و ڕۆژ بەباڵایدا هەڵدەدەن.**

**٣- کارکردن لەسەر کاڵکردنەوەی بەها و گۆڕینی هەموو ئەو دەقە ئاینیانەی کە لەگەڵ بنەماکانی یەکسانی ڕەهای نێوان ژن و پیاو یەك ناکەنەوە هەر لە بابەتەکانی میرات و شایەتی ئافرەت و فرەژنی و تەلاق و مارەیی و نەفەقە تا دەگاتە بچوکترین ڕۆڵی ئافرەت و پیاو لەچوارچێوەی خێزاندا.**

**٤- گۆڕینی پێڕەو و پرۆگرامەکانی خوێندن و سەرلەنوێ داڕشتنەوەیان لەسەر بنەماکانی بیرۆکەی جێندەری و پەروەردەکردنی منداڵ لەو قۆناغە سەرەتاییانەوە لەسەر ئەو پەروەردە نازانستی وسەقەتە.**

**٥- بێ بەها کردنی ڕۆڵی ئافرەت لە چوارچێوەی خێزاندا بەشێوەیەك کە ئافرەت شەرم بکات لەوەی کە ژنی ماڵەوە بێت و خۆی بۆ ئەرکی پیرۆزی دایکایەتی و پەروەردەکردن منداڵ و بەڕێوەبردنی نێوماڵی خۆی یەکلا کردبێتەوە، لەبەرامبەریشدا شانازی بەوەوە بکات کە فەرمانبەرە لەشوێنێکی گشتیدا ئیتر ئەو شوێن و فەرمانە هەرچی و هەرچۆن بێت ئەوە گرنگ نییەك گرنگ ئەوەیە ژنی ماڵەوە نییە.**

پەروەردەی پرۆفیسۆر خالید موحەممەد ساڵح

## مەترسییەکانی بیرۆکەی جێندەر:

**مەترسییەکانی بیرۆکەی جێندەر و هەوڵە تێکدەرانەکانی خۆی لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە:**

**١- ئەم بانگەشەیە لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی و ناوەندەکانی بڕیار لە نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیوانی دەکرێت کە لە ئێستادا ڕێکخراوە فیمەنیستییەکان دەیەها لیژنە و دامەزراوەی تایبەتیان هەیە لەسەر ئەو ئاستە و داکۆکی لەبیرۆکەی جێندەر و داخوازییە پەرگیرەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان دەکەن لەوانە: (لجنة مركز المرأة، صندوق الأمم المتحدة للسكان، صندوق الأمم المتحدة الإنمائي للمرأة، برنامج الأمم المتحدة الإنمائي، المعهد الدولي للبحث والتدريب من أجل النهوض بالمرأة، جامعة الأمم المتحدة، معهد الأمم المتحدة لبحوث التنمية الاجتماعية، اللجنة المعنية بالقضاء على التمييز ضد المرأة، منظمة الأمم المتحدة للطفولة، منظمة الأمم المتحدة للتربية والتعليم والثقافة). ئەمانە وچەندین دامەزراوەی تر لە ئاستی باڵا و خوارتر هەن کە کار لەسەر بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی جێندەر و تێکدانی شیرازەی خێزان دەکەن.**

**٢- ئەو جاڕنامە و کۆنگرە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیانەی کە لەسەر داخوازییەکانی ڕێکخراوە فیمەنیستییەکان و سەپاندنی بیرۆکەی جێندەر دەبەسترێت، کە زۆرێك لە بڕگەکانی ئەو ڕێکەوتننامانە زۆرەملێین و دەوڵەتانی بەشداربوو و ئەندام لەنەتەوە یەکگرتووەکان مافی ڕەخنەگرتن یان جێبەجێنەکردنی بڕگەکانی ڕێکەوتننامەکانیان نییە، لە گرنگترینی ئەو کۆنگرەو ڕێکەوتننامەی کە لەسەر ئەو بابەتە کراون: (جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨، پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان ساڵی ١٩٥٤، جاڕنامەی تەهران ساڵی ١٩٦٨، ڕێکەوتننامەی ڕازیبوون بە هاوسەرگیری ساڵی ١٩٦٢، کۆنگرەی جیهانی یەکەم بۆ پرسەکانی دانیشتوان لە ڕۆمانیا ساڵی ١٩٧٤، کۆنگرەی مەکسیکۆ لە ژێر دروشمی (ساڵی جیهانی ژنان) ساڵی ١٩٧٥، ڕێکەوتننامەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژی ژنان کە بەڕێکەوتننامەی سیداو ناسراوە ساڵی ١٩٧٩، کۆنگرەی کۆبنهاگن لە ژێر دروشمی (گرێبەستی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنی جیهانی: یەکسانی، گەشەپێدان، ئاشتی) ساڵی ١٩٨٠، کۆنگرەی نێودەوڵەتی دووەمی تایبەت بە پرسەکانی دانیشتوان لە مەکسیك ساڵی ١٩٨٤، کۆنگرەی نەیرۆبی لە ژێر دروشمی (ئیستراتیجییەتی نەیروبی چاوەڕوانکراو بۆ هەستانەوەی ئافرەتان ساڵی ١٩٨٥، کۆنگرەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ڤییەنا سەبارەت بە بنبڕکردنی توندو تیژی دژی ژنان ساڵی ١٩٩٣، کۆنگرەی نێودەوڵەتی سێیەمی تایبەت بە پرسەکانی دانیشتوان و گەشەکردن لە قاهیرە ساڵی ١٩٩٤، کۆنگرەی پەکین ساڵی ١٩٩٥، کۆنگرەی لوتکەی جیهانی بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە کۆبنهاگن لە دانیمارك ساڵی ١٩٩٥، کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکەکانی دانیشتوان لە تورکیا ساڵی ١٩٩٦، کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسەکانی ژنان لە ئەمریکا ساڵی ٢٠٠٠).**

ئەمانە و دەیەها و ڕێکەوتننامەی تر کەلەسە پرسەکانی ئافرەت بەستراون و خاڵی زۆر مەترسیداریان تێدایە و کار لەسەر بەجیهانیکردنی ئەو پرسانە دەکەن و هەوڵی سڕینەوەی هەموو ئاین و یاسا و کلتورێك دەدەن کە لەگەڵ داخوازییەکانی ڕێکخراوە فیمەنیستییەکان و بڕگەکانی ئەو ڕێکەوتننامانە یەك ناکاتەوە، کە گرنگترینیان پرسی یەکسانی ڕەهای نێوان ژن و پیاوە کە بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نادرێت جیوازییان لە نێواندا بکرێت، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا واتای ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو دەقە قورئانی و شەرعیانەیە کە لەسەر پرسەکانی میرات و شایەتی و ئەرك و مافەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری و زاراوەکانی دایکایەتی وباوکایەتی و عیددە و نەسەب و دەیەها وسەدەها پرسی تر هاتوون. جگە لەوەیش ئەو ڕێکەوتننامانە ڕێگە بە چەندین جۆری هاوسەرگیری دەدەن کە لە ئیسلام و کلتوری مرۆڤایەتیدا ڕێگەپێدراو نییە لە نێوانیشیاندا هاوسەرگیری نێوان هاوڕەگەزبازەکانە.

## لێکەوتە نەرێنییەکانی جێندەر لەسەر تاك و خێزان و کۆمەڵگە:

١- جێندەر دژی سەرجەم بنەما ئاینی و ئەخلاقی و کلتورییەکانە، چونکە خوای گەورە مرۆڤ و سەرجەم بونەوەرەکانی لە دوو ڕەگەزی جێگیر و نەگۆڕ دروست کردوە و شتێك نییە پێی بگوترێت ڕەگەزی سێیەم یان ڕەگەزی تێکەڵ؛ بەڵام بیرۆکەی جێندەری ئەم دابەشبوونە ڕەت دەکاتەوە و لەبیرۆکەی جێندەریدا کەس وەك نێر یان وەك مێ لەدایك نابێت، بەڵکو ئەوە ئاین و کلتور و پەروەردە و ڕۆشنبیری کۆمەڵگایە کە مرۆڤ بەو شێوەیە دابەش دەکات.

٢- لە جێندەردا جەستە موڵکی مرۆڤ خۆیەتی و خۆیشی ئازادە لە شێوازی مامەڵە لەگەڵ کردن و ئاراستە کردنێك هەر بۆیە هەر کەسێك ئازادە لە بژاردەکردنی ئەو ڕەگەزەی خۆی دەیەوێت و دەستنیشانی دەکات، هەروەها ئازادە لەو ڕۆڵەی دەیەوێت پێی هەڵبسێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا ڕۆڵی پیاوی دەوێت یان ژن، جگە لەوەیش ئازادە لەوەی کە چی لەجەستی خۆی دەکات، دەیفرۆشێت یان بەکرێی دەدات، منداڵ بەخێو دەکات یان لەباری دەبات، ئەمەیش دیسانەوە دژی سەرجەم بنەما ئاینی وئەخلاقییەکانە.

هیچ کەسیش لەسەر بنەمای ئەو ڕەگەز و ڕۆڵەی هەڵیبژاردوە سەرکۆنە ناکرێت و بەچاوی سووك سەیر ناکرێت و هیچ کەس و یاسایەك بۆی نییە مافەکانی پێشێل بکات یان ئازادییەکانی سنووردار بکات.

٣- جێندەر ئیش لەسەر هەڵتەکاندنی خێزانی سروشتی دەکات و بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە برەو بەو خێزانانە بدرێت، کە تەنها لە ژن و ژن یان پیاو و پیاو پێك دێت؛ چونکە ئەوان خێزانی سروشتی کە لەژن و پیاوێك پێك دێت بەیەکەم کۆسپی بەردەم ئازادی ژنان دەبینن وپێیان وایە وابەستەبوونی ژنێك بەژیانی پیاوێکەوە و ڕۆڵی دایکایەتی و ماڵ بەڕێوە بردن سەرچاوەی سەرکۆنەکردن و نەهامەتییەکانێتی، هەر بۆیە

ئێستا ڕێکخراوەکانی ژنان زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق لەدادگاکان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان بەدەستکەوت دەبینن نەك شکست وبەردەوام گوتاریان بە ئاراستەی خۆشکردنی ململانێکانی نێوان ژن و پیاوە و لێکترازاندنی پەیوەندییەکانیانە.

٤- جێندەر ئیش لەسەر ئاسایی کردنەوە و دەستەمۆکردنی بیری خەڵکی دەکات بۆ دیاردە نەخوازراو و قێزەونەکان؛ چونکە ئەگەر ئەو بیرۆکەیە چەسپا لە مێشکی تاکدا کە کەس لە بنەڕەتدا ژن یان پیاو نییە، ئەو کات ئاساییە هەر کەس بیەوێت هەر ڕۆڵێك ببینێت، بەواتای ئەوەی نێرێك ڕۆڵی ژن ببینێت یانیش بە پێچەوانەوە مێیەك ڕۆڵی پیاو ببینێت، ئەمەیش بەتەواوی دەرگای هاوڕەگەزبازی بۆ خەڵکی دەکاتەوە ولەپێش چاویان ئاسایی دەکاتەوە؛ بۆیە جێندەر سەرەتا لەگۆڕینی ناوەکانەوە دەست پێ دەکات و ئێستا لەبری وشەکانی (حیز، قوندەر، دوودەگی) وشەی ڕازاوەی وەکو هاوڕەگەز باز یان بێزاری ڕەگەزی یان ڕەگەزی سێیەم بۆ ئەو جۆرە کەسانە بەکار دەهێنێت و هەوڵ دەدات ئەو جۆرە کەسانە وەك قوربانی وێنا بکات و پاساوی زانستی بۆ حەزە نەخۆشەکانیان بدۆزێتەوە وئۆباڵی بەدڕەوشتییەکەیان بداتە پاڵ جین و هۆرمۆن نەك حەزی نەخۆشی خۆیان، کەئەم قسانە سەر لەبەریان دوورن لەڕاستی و بەهای زانستییەوە تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی جینێکی دیاریکراوی نەدۆزیوەتەوە کە بەرپرس بێت لە تووش بوون بەو حاڵەتە نەخوازراو و نەخۆشییە.

٥- جێندەر ئیش لەسەر سڕینەوەی جیاوازییە سروشتییەکانی نێوان مرۆڤەکان دەکات و وای وێنا دەکات کە لەسروشتدا شتێك نییە بەناوی پیاو و ژن، بەڵکو ئەوە ئاین و پەروەردە و کلتوری کۆمەڵگەکانە خەڵکی لەسەر بنەمای ڕەگەز دابەش دەکات، ئەمەیش درۆیەکی گەورەیە چونکە بوونی ڕەحم و هێلکەدان و سەدەها تایبەتمەندی جەستەیی تر کە لەئافرەتدا هەیە ئەوانە وای لێ دەکەن کە ببێتە ئافرەت نەك پەروەردە و لە پیاویشدا بەهەمان شێوەیە، وە کلتور یان ئاین یان شێوازی پەروەردە هیچ پەیوەندییەکیان بەسەر ئەم بابەتەوە نییە و ناشیانبێت و توانای هیچ گۆڕانکارییەکیشیان لەو بوارەدا نابێت.

ئەمە بەکوردی و بەکورتی مشتێکە لە خەرواری زەلکاوی جێندەر کە ڕێکخراوەکانی ژنان بە پاڵپشتی وڵاتانی دەرەوە و ڕێکخراوە فیمەنیستییەکان دەیانەوێت لەوڵاتی ئێمەدا برەوی پێ بدەن و بڵاوی بکەنەوە.

پەرەی تایبەتی پرۆفیسۆر خالید موحەممەد صالح